کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
22-8-2007 1:27بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**لە کۆڕێکدا ڕێز لە شەهیدان و قوربانیانی شەنگال نرا لە هۆڵەندا... ساسان دەرویش**

هۆڵەندا

لەم قۆناغە ناسک و دژوارەی ئەمڕۆی کوردستان و هەندێک لە کێشە هەڵواسراوەکانی وگۆڕانکاریە چاوەڕوان نە کراوەکانی گۆڕەپانی سیاسی عێراق، گەلی کورد لە داوی ڕابردوویەکی تاڵی خۆی، نێومالّی خۆی کۆکردەوە بە یەک ڕیزی و یەک خستنیان لە یەک حکومەتدا کە ئەویش حکومەتی هەرێمی کوردستانە و لەپاڵ ئەمەشدا هەنگاوی پیرۆز و گەورەتریش نرا لەلایەن هەردووپارتی دەستەڵات (پارتی و یەکێتی) بە مۆرکردنی ڕێککەوتنامەی ستراتیژی نێوانیان لە بەرژەوەندی باڵای گەلی کوردستان وپتەوکردنی ئەو نێومالّە ی کە کوردی لە ناودا یەکە بە بۆئەوەی بە هەموولایەک پارێزگاری لە دەستکەوتەکانی بکەن کە بەدەستمان هاتوون لە دەریایەک فرمێسک وخوێنی شەهیدانمان و کەلەم دوایەشدا بەهەمان شیوە ڕێککەوتنامەی چوارقۆڵی نێوان کورد و شیعەش کە بۆ ڕزگارکردنی عێراق لە وتەنگژە سیاسیەی کە تێ ی کەوتوە مۆرکرا بە هەموو ئەمانە



شەوە و نزیک بوونەوەی جێ بەجێ کردنی ماددەی (140) ی دەستوری هەمیشەی عێراقی فیدراڵ.

دوژمنانی کورد وەک کاری هەمیشەییان وچاوەڵ نەهاتنیان بەوئارامیەی هەرێمەکەمان جارێکی تر هاوار و زریکەیان لە پارچەیەکی جەستەی کوردستانەکەمان هەڵسان بە تەقینەوەی کاری تیرۆریستی بەرامبەرخەڵکی بێ تاوانی شەنگاڵ و بووە هۆی گەورەترین کارەساتی مرۆیی لە دەڤەرەکە، بەم کارەی دوژمنانی کوردیش زیاتر ڕووڕەش بوون، نازانم چۆن خۆیان گێل کرد کە کورد خاوەنی ئەنفال و هەڵەبجە و دەریایەک خوێنی شەهیدانە، کاری ترسنۆکانە و تیرۆریستانە کاریان تێ ناکات بەڵکو زیاتر ڕیزەکانی گەل خۆیان یەک دەخەن بۆ چەسپاندنی ماددەی 140ی دەستووری هەمیشەی عێراق وگەڕانەوەی هەموو ناوچە دابڕاوەکانی سنووری هەرێمی کوردستان بۆ سەر هەرێمی کوردستان.

بۆ هاوخەمی و هاوکاری خەڵکی بێ تاوانی شەنگاڵ و برایەزیدیەکانمان، کە لە ئێوارەی ڕۆژی سێ شەممەی 2007/8/14 لە ئاکامی زنجیرە تەقینەوەیەکی بەهێزی تیرۆریستی بەهۆی چوار لۆری بارهەڵگری لە جۆری تەنکەری گەورەی پڕ لەتەقەمەنی جۆرا و جۆر لە قەزای شنگاڵ نزیکی سنووری سووریا کە زۆربەی دانیشتوانی کوردی ئیزدین، لە هەردوو کۆمەڵگای گرد عوزیر و سیپا شێخ خدرێ قەزای شێخانی باشووری کوردستان، کە بووەهۆی شەهیدبونی پتر لە 350 هاووڵاتی و زیاتر لە 500 کەس بریندار کە زۆربەیان ژن و منداڵی سڤیل بوون، جگە لە خەسارەتێکی زۆری بەربلاوی مادیشی لێ کەوتەوە، هەر لەو دەڤەرە پێشتریش لە مانگی ئاوریلدا 23 کەس لە هەمان برایانمان لەلایەن تیرۆریستانەوە بە کۆمەڵ شەهید کران جگە لە شەهیدکردنی تاک وتەرای تر لەم لاولای تر.

ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی 2007/8/19 لە شاری ئەڵمیر، ڕێکخراوی ماڵی یەزیدیان لە هۆڵەندا، هەڵسان بە سازدانی کۆڕێکی ڕیزلێ نان وشایستە بە شەهید و قوربانیەکان بە هاوکاری لیژنەی ناوچەی هۆڵەندای پارتی دیموکراتی کوردستان وکۆمیتەی ڕێکخستنی بەنەلوکس یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و بەئامادەبوونی بەشێک لە ڕەوەندی کوردلە هۆڵەندا ونوێنەرانی هەندێک لە پارت وڕێکخراوە کوردی وعێراقیەکان ونوێنەری باڵێویزخانەی عیراق لە هۆڵەندا و بەشیکی زۆر لە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ڕۆژنامەنووسان وکەناڵەئاسمانییەکانیش ئامادەبون بە تایبەتی ستافی ستۆدیۆی کوردستان تی ڤی لە ئەلەمانیا بە سەرپەرشتی هەڤاڵ (خەلیل سنجاری) .

کۆڕەکەش لە کاتژمیر ی 2 ی پاش نیوەڕۆ لە دوای خولەکێک بێ دەنگی و ڕاوەستان و ڕیزگرتن لە شەهید و قوربانیەکانی ئەو کارەساتە و گشت شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێ کرد، پاشان چەندین ووتار و هەڵبەست و بروسکەی ماتەمینی خوێندرانەوە کە پشتگیری بوون بۆ قوربانیانی برا یەزیدیەکانمان و دژ وەستان بوون بەرامبەر کاری تیرۆر و ڕەشەکوژی خەڵکی بێ دیفاعی کورد، ئەمەو کۆڕەکە3 کاتژمێری خایاند و زۆر بە سەرکەوتوانە کۆتایی هات.

لە کۆتایدا هێندە ماوە بڵێم ... . ئیوەی کوردی ئێزدین ... .. باوک و دایک و برا وخوشک و کەس وکارمانن ... ... چەند دووربن لێمان ... نزیکن لە خەبات کردن بۆ کوردستان ... ... هەوڵدان و نەفەس درێژیتان ... . سنوورە دەستکردەکان نزیک و یەک دەخەنەوە و نابنە شوێنە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان ... .. کاری ترسنۆکانە و تیرۆریستانە نابنە هەوڵی لە باوەش نەگرتنی هەرێمەکەتان ... ... .. لەگەڵ ڕژانی خوێنی لاشەتان و داڕووخانی خانوو وجێ نیشینەکانتان و وونبوونی جەستە پیرۆزەکانتان ... ... پەیمانتان ئەدەینێ داکۆکی کار بین لە سەر مافی ئێوەو شوێنەکانی تر ... ... . لەگەڵ پێکانی جەستەی پیرۆزتان بە بارووت و داڕمانی خانووەکان بەسەرتاندا، ... ... .. دەبینە هەڵگری ئەوچرایەی کە لە ڕووناکی چاوەجوانەکانتاندا کۆژاندیانەوە ... . ودەبینە حاشا هەڵنەگر لە ناوی کورد و کوردستان بە کۆتای هاتنی ئەوهەناسەی کە لە گەرووتاندا تاسێنراو ودڵە گەورەکەتانی لە کارخست.

بنووون ... بنوون... ئارام بنوون ... ئێوە نەوەی گەلێکن نە بە ئاگر و ئاسنی دوژمنان کۆتایتان هات نە بە ئەنفال و کیمیاباران و هەڵەبجە ... ... دوژمن خەیالێ خاوە ... ... ئێوە ڕۆڵەی بارزانین کە دوژمنی بە چۆکدا دابوو لەشۆڕشی ئەیلولی مەزن و شۆڕشەکەی کردە قوربانی لە پێناوی (کەرکوکی دڵی کوردستان) و ئێوەی دابڕا و لە کوردستان.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.